# دۆزینەوەی مێژووە ونبووەکانی تاک، لە سەدەی دیکتاتۆرەکاندا

## خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (١٩٨٤)ی جۆرج ئۆروێل

**ئارام سدیق**
**(سلێمانی)**




### سەرەتا

هەرکاتێک ڕۆمانێکی نوێ دەخوێنمەوە، ئەوە دێتە بیرم بۆچی مرۆڤ ڕۆمان دەنووسێ؟ ئایا گرنگی نووسینی ڕۆمان لەچیدایە؟ یان بۆچی لە سەرەتای پەیدابوونی نووسینەوە، مرۆڤ لە تەک شیعردا ڕۆمانیشی نەدەنووسی؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارانە هێندە ساکار نییە، بەڵام گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارگەلی لەم جۆرە، وەزیفەی مرۆڤە و ئەو وەڵامانەش تەنیا تێکستە جوانەکان دەتوانن بیدەنەوە، ئەو تێکستانەی خەون و ڕوانینی نوێ لە هزرماندا دەخوڵقێنن. میلان کۆندێرا دەربارەی مێژووی ڕۆمان دەڵێت: هونەری نووسینی ڕۆمانی ئاڵۆز و گران تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم سەری هەڵنەداوە ئەوکات تەرزە ڕۆمانێک دەرکەوت. واتە کۆندێرا پێیوایە مێژووی ڕۆمان هێندە دوور نییە لێمانەوەو ئەوەیشی پێشتر نووسراون ڕۆمانی ساکار بوون، یان بەناو ڕۆمان بوون. دەکرێت لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ ئەو پرسیارەی سەرەتا کردمان کە ڕۆمان چییە؟ عەبدولڕەحمان مونیف دەڵێت: ڕۆمان بەتەنیا گوزارشتکردن نییە لە خود و بەتەنیا پێشکەشکردنی دانپیانانێک نییە، سەرەڕای گرنگی ئەو دوو ڕەگەزە، ئەرکی ڕۆمان بنیادنانی جیهانێکی تەواونییە بەهەموو لایەن و دژواری و ململانێکانییەوە. «ڕاوی»ش یەکە یەکە لە نێو چەندین یەکەی تردا. هەر لەم بارەیەشەوە کۆندێرا دەڵێت: مەبەستی ڕۆمان وەسفکردنی کۆمەڵگا نییە، چونکە بەدڵنیاییەوە ڕێگای باشتر هەیە بۆ کردنی ئەم کارە، هەروەها بەهیچ شێوەیەک وەسفی مێژوو ناکات، بەڵام ڕۆمان تاکە هۆکارە هەموو سیماکانی بوونی مرۆیی ببینێت و وەسفیان بکات و شیکاریان بکات و ڕوونیان بکاتەوە. لێرەدا هەم لە ئەرکی ڕۆمان و هەم لە گرنگی ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی تێدەگەین و ئەوەش ئاشکرایە ڕۆمان بەرهەمی شار و شارستانییەتە و کاتێک ئاسۆی بیرکردنەوە و ڕوانینی مرۆڤ فراوان بوو، ڕۆمانیش لە دایک بوو.

ئەوەی ئەم نووسینە مەبەستییەتی قسەی لەسەر بکات ڕۆمانی (١٩٨٤)ی (جۆرج ئۆروێل)ە کە یەکێکە لە ڕۆمانە جوانەکانی مێژووی ڕۆمانی جیهانی و هەڵگری جیاوازییەکی تایبەتیشە لە ئاست هەموو ڕۆمانەکانی سەدەی ڕابردوودا. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە قسە لە ئایندە دەکات و سەرجەم ڕووداو و کاراکتەرەکانی لە(٣٥) ساڵی داهاتووی مێژووی نووسینی ڕۆمانەکەدا دەژین، یان بنیادنراون. ئەمە خاڵێکی جەوهەری و بنەڕەتی ئەم ڕۆمانەیە، هەروەها خاڵێکی تر ئەو مۆرکە سیاسییەیە کە بەسەرجەم ڕووداو و کارەکتەر و فەزای گشتی ڕۆمانەکەیەوەیە، کەم ڕۆمان هەیە هێندەی ئەم ڕۆمانە و ڕۆمانی (مەزرای ئاژەڵان)ی هەمان نووسەر سیاسی بن، یان ڕاستتر بڵێین پانتایی سیاسەت لەم ڕۆمانانەدا بەرفراوانترە، هەروەها لەم ڕۆمانەدا قسە لەسەر بابەتێک کراوە کە سەرجەمی مێژووی مرۆڤایەتی پێوەی گیرۆدەیە و تەنیا خەمی گەل و نەتەوە و چینێک نییە، بەڵکو ئەوەی لەم ڕۆمانەدا باس کراوە خەمی سەرجەمی مرۆڤایەتییە، کە ئەویش دیکتاتۆرییەت و تۆتالیتاریزمە. گرنگی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەوەدایە نووسەر درکی بەوە کردووە تا سەرمایەداری پەرە بستێنێ تۆتالیتاریزمیش لە گەشەدا دەبێت و مرۆڤیش لەبارەیەوە پێویستی بە هۆشیاری سیاسی ڕۆشنبیری هەیە. جۆرج ئۆروێل لە ڕۆمانی (مەرزای ئاژەڵان)دا باس لە دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەت و حوکمی دیکتاتۆریانە دەکات لەڕێی ئاژەڵانەوە، بەڵام لە ڕۆمانی (١٩٨٤)دا دەیەوێت لەپاڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەوە تۆتالیتاریزمیش، کە دڕندانەترین شێوەی دیکتاتۆرییە بخاتەڕوو.

جۆرج ئۆروێل لە (١٩٠٣) لە هیندستان هاتووەتە دنیاوە ناوی تەواوی (ئەریک بلیر)ە و بەشێکی زۆری ژیانی لە ڕیزی پۆلیسدا بەسەر بردووەو لە چەندین حزب و ڕێکخراوی سیاسیدا کاری کردووە و لە سەرەتادا دژی ڕژێمی سەرمایەداری بووەو باوەڕێکی ئینتەرناسیۆنالیستانەی بووە، بۆیە کە جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا دەستی پێکرد لە ساڵی (١٩٣٧) چووە ڕیزی کۆماریخوازەکان و لەو شەڕەدا بریندار بووە و تێکشکاندنی بەرەی کۆماریخوازەکانی بەچاوی خۆی دیوە. ئۆروێل لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی شتی بۆ ڕادیۆی (بی بی سی) دەنووسی و لە (١٩٤٢)دا یەکێک بووە لە نووسەرانی ڕۆژنامەی (تریبیۆن) و بەردەوام وتاری ئەدەبی و سیاسی تێدا دەنووسی، پاشان لە ڕۆژنامەی (ئۆبزێرڤەر) پەیامنێر بووە و ڕۆمانی (مەزرای ئاژەڵان)ی لە ساڵی (١٩٤٥) نووسیوە و دوا کتێبیشی ڕۆمانی (١٩٨٤)ە ئەم کتێبەی ئێمە دەمانەوێت لێی بدوێین لە ساڵی (١٩٤٩)دا نووسیوە و ساڵێک پاشتر واتە ساڵی (١٩٥٠) لە شاری لەندەن بە نەخۆشی سیل کۆچی دوای کرد. ئاماژە دان بە ژیاننامەی ئەم نووسەرە بۆ بەرچاوڕوونی زیاترە لەسەر دنیابینی و کاریگەری ژیانی تایبەتی نووسەر و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمەکانیدا.

## ئۆروێل و سیاسەت و ڕۆمانی ١٩٨٤

جۆرج ئۆرێل یەکێکە لەو نووسەرانەی کە هەموو، یان زۆرێک لە بەرهەمەکانی بۆنی سیاسەتیان لێ دێت و ژیانی تایبەتیشی لەناو سیاسەتدا بەسەربردووەو ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمەکانیدا هەبووە، هەروەک چۆن بەرهەمەکانی هەمەنگوای ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی ژیانی تایبەتی خۆی پێوە دیارە. هەمەنگوای پاش بەشداریکردنی لە جەنگی یەکەمی جیهانی، ڕۆمانی (ماڵئاوایی لەچەک)ی نووسی کە کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە نزیکییەکی زۆری لەگەڵ خودی نووسەردا هەیە، هەروەها سانتیاگۆی ڕاوچیش لە ڕۆمانی (پیرەمێرد و زەریا)ی هەمەنگوایدا دیسان نزیکییەکی زۆری لەگەڵ خودی نووسەردا هەیە. لای ئۆروێلیش لە ڕۆمانی (١٩٨٤)دا نزیکییەکی زۆر لەنێوان کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە (وینستۆن) و خودی نووسەردا هەیە و هەندێک لێکۆڵەر لە یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی ئەم نووسەرەدا جەختیان لەسەر ئەمە کردەوە.

ڕۆمانی (١٩٨٤) و (مەزرای ئاژەڵان) و (بژی کەتەلۆنیا) سێ ڕۆمانی بەناوبانگ و سیاسی ئەم نووسەرەن و بەسێینەی سیاسی ئۆروێل دادەنرێن لە هەرسێ ڕۆمانەکەدا سیاسەت ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە و هەتا هەندێک لە لێکۆڵەران ڕۆمانی (بژی کەتەلۆنیا) بە یەکێک لە باشترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئۆروێل دەزانن کە بە

(راپۆرتێکی کلاسیک لە جەنگ) ناسراوە، لەم بارەیەوە (برخا)ی لێکۆڵەر دەڵێت: ئەم ڕۆمانە نووسینێکە بانتر لە سیاسەت و ئەوە یەکەم جار بوو کە ئۆروێل ئەوەی لە ئامانجیدا بوو جێبەجێی بکات، ئەویش تێکەڵکردنی ئەندێشە سیاسییەکان بوو لەگەڵ ئەدەب. هاوکات ڕۆمانی (١٩٨٤)یش یەکێکە لە بەرهەمەکانی تری ئۆروێل کە سیاسەت هەوێنی تەواوی ڕۆمانەکەیە، یان وەکو مەریوان وریا قانیع دەڵێت: ڕۆمانی (١٩٨٤) یەکێکە لە سیاسیترین ڕۆمانەکانی سەدەی ڕابردوو و ئۆروێل-یش بە سیاسیترین نووسەری سەدەی بیستەم دادەنێت. ئەم ڕۆمانە باس لە کەسێک دەکات بەناوی وینستۆن سمیس کە فەرمانبەرێکە لە دەوڵەتێکی دیکتاتۆری چوار وەزارەتیدا کە ئەمانەن: وەزارەتی ڕاستی، وەزارەتی ڕێکەوتن، وەزارەتی ئەوین، وەزارەتی فراوانی . ئەم وەزارەتانە هەریەکە و بەشێوەیەک هەوڵی جوانکردنی ڕووی ڕێبەری گەورە و حزب دەدات: وەزارەتی ڕاستی کاروباری هەواڵ و سەرگەرمی و پەروەردە و هونەرەجوانەکان بەڕێوە دەبات. وەزارەتی ڕێکەوتن خەریکی جەنگە. وەزارەتی ئەوین یاسای ڕێکوپێکی لەسەرە. وەزارەتی فراوانی-یش کاروباری ئابووری ڕادەپەڕاند. کاری وینستۆن لە فەرمانگەکەیدا سەرلەنوێ نووسینەوەی هەموو ئەو وتار و نووسینانەی ڕابردوو بوو کە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا هەبوون تا ڕابردووی حزب ببێتە ڕابردوویەکی خاوێن.

وینستۆن بیرۆکەی ئەوەی لادروست دەبێت کە دژ بە حزبی دەسەڵاتدار بوەستێتەوە لەبەر پەیڕەوکردنی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییە لەوێوە بیرۆکەی (مەرگ بۆ ڕێبەری گەورە) دێتە بیری و پاشان هەوڵی قوتاربوون لە ڕێوڕەسمە حزبییەکان دەدات وەکو دواکەوتن لەدەوام، یان بەشداری نەکردن لە هەفتەی ڕق، کە هەموو هاووڵاتیان تێیدا بەشداربوون بۆ ڕقبوونەوە لەدوژمنانی حزب، کە تێیدا وێنەی دوژمنی گەورەی حزب "عەمانوێل گۆڵدستەین" پیشان دەدرێت بۆ ئەوەی هاووڵاتیان ڕقیان لێی بێت. هەروەها وینستۆن دەفتەرێکی یادگاری دەکڕێت بۆ نووسینەوەی یاداشتەکانی تا لەو دۆخە بێ مێژوویەی حزب دروستی کردووەو مێژووی گەل یەکسانە بەمێژوووی حزب و ئەوەی بە دڵی حزب نەبێت مێژووی نییە، یان نابێت هەبێت، لەم دۆخەدا وینستۆن دەیەوێت لەڕێی نووسینەوەی یاداشتەکانییەوە مێژوویەکی ونبوو بنووسێتەوە. مێژوویەک کە حزب دەیەوێت تەنیا خۆی خاوەنی بێت. ئەم پیاوە دەزانێت ئەم کارە پڕمەترسیترین کارە کە هەڵیبژاردووە و ڕەنگە ببێتە هۆی کوشتن و لەناوبردنی، بەڵام دەست بەنووسین دەکات و یەکەم دێر دەنووسێت (مەرگ بۆ ڕێبەری گەورە).

دواتر متمانە بەکەسێک دەکات بەناوی (ئۆبراین) وا دەزانێ ئەویش هەمان بیرکردنەوەی هەیە، بەڵام بەپێچەوانەوە دەردەچێت و وینستۆن دەگیرێت و جولیاش، کە ئافرەتێکە خۆشەویستی وینستۆنە و پێوەندی هاوڕێیەتی و سێکسیان لەگەڵ یەکتردا هەیە ئەویش دەگیرێت، (ئۆبراین) ئەشکەنجەی وینستۆن دەدات تا دواجار هەموو بیروبۆچوونەکانی دژی ڕێبەری گەورە لە مێشکیدا دەسڕنەوەو ئەوکات ئازادی دەکەن.

لێرەدا دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ کاریگەری بیری سیاسی لە ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرەدا، تایلۆر لەم بارەیەوە نووسیویەتی: ئەزموونی ئیسپانیا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئۆروێل بەجێ هێشتووە و بڕوای لەوەدا بەهێزە کە ڕۆح و سروشتی مرۆیی شکستی پێناهێندرێت. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئاشنای کەش و دۆخێک بووە کە دەیتوانی لە ئاست خۆیدا مەزنتربێت، چاندنی بێ ئومێدی یەکێکە لە کارە دیارەکانی هەر سیستمێکی دیکتاتۆری، وینستۆنیش زۆر بێ ئومێدە لە نووسینی یاداشتەکانی و پێیوایە نووسین و نەنووسینی هیچ کاریگەرییەکی نابێت و دواجار پۆلیسی خەیاڵ هەر دەیگرن.

## بوون و جیاوازی

یەکێک لەو خاڵانەی لای سەرجەم حزبە دیکتاتۆرەکان هێڵی سوورە بوونی جیاوازییە و هەموو جیاواز مامەڵەکردن و بیرکردنەوەیەک لادانە لە پرنسیپە پیرۆزەکانی حزب. ئۆروێل لەم ڕۆمانەدا بایەخێکی زۆری بەم بابەتە داوە .

حزبەکەی ڕێبەری گەورە کە تەنیا لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئێستادا نەبوون، بەڵکو دەیاننویست مێژوو وەکو ئەوەی خۆیان دەیانەوێت

مۆنۆپۆلی بکەن. واتە مێژووش وەکو ئەوەی تۆماربووە، بسڕنەوە نەک لەکەیەکی بۆ ڕووی ڕێبەری گەورە تێدا بێت، هەروەها لەڕێی ئامێری چاودێریکردنەوە کە هەموو شوێنێک و تەنانەت ناوماڵەکانیشی گرتبووەوە هەوڵی چاودێریکردنی هاووڵاتیانی دەدات و بەردەوام ئەو قسەیە دەدرایە گوێی خەڵکدا کە ڕێبەری گەورە چاوی لێتە جیاواز بیر نەکەیتەوە. خۆ ئەگەر کەسێک بیرێکی جیاواز لە بیروبۆچوونی ڕێبەری گەورەی هەبوایە تەنیا مەرگ سزاکەی بوو، یان بەدەردی وینستۆن دەبرا. هەروەها دەبوایە هەموو کەسێک سێ دروشمە سەرەکییەکەی حزبیان لەبەر بوایە (شەڕ ئاشتییە، کۆیلایەتی ئازادییە، نەزانی هێزە).

بەهێزترین و گرنگترین خاڵێک کە ڕێبەری گەورە پەیڕەوی دەکرد بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵاتی، چاندنی باوەڕی دووفاقانە بوو لەنێو خەڵکدا. لە یەک کاتدا ئینسانێک بە شتێک بڵێت باش و خراپ. واتە بوونی هەموو شتێک لەبیری مرۆڤدا هەڵگری دوو بۆچوونی جیاواز بێت، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک بۆچوونی خراپی لەسەر ڕێبەری گەورە هەبێت، هاوکات خۆی بە درۆ بخاتەوەو بڵێت زۆر باشە. چاندنی بیرکردنەوەی دووفاقانە (یان دوو جەمسەری) خاڵێکی بەهێزی نەهێشتنی بیری جیاوازی بوو لە نێو وڵاتدا، هەروەها چاندنی تۆوی جاسووسی لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵداو هەتا لەناو خێزانەکاندا منداڵیان بەسەر دایک و باوکەوە دەکرد بە چاودێر و بۆ مەبەستی جاسووسی بەکاریان دەهێنا. ئۆروێل لەم بارەیەوە دەنووسێ: منداڵیان بەپێی بەرنامەی خۆیان پەروەردە دەکرد بۆ جاسووسێتی بەسەر دایک و باوکی خۆیانەوە، بەڕاستی خێزان ببوو بە بەشێکی سەر پۆلیسی خەیاڵ.

لێرەدا کاتی ئەوە هاتووە باسی پۆلیسی خەیاڵ بکەین. پۆلیسی خەیاڵ لەشکرێک پۆلیسی نهێنین و حزب بۆ کۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوە و ڕەفتاری هاووڵاتیان و کەس نەتوانێت نهێنی هەبێت و دواجار کەس توانای بیرکردنەوەی جیاوازیشی نامێنێت، یان ترس لە بەرانبەر بیرکردنەوەدا دروست دەبێت ئەم ترسە کە لەڕێی پۆلیسی خەیاڵەوە دروست بووە، کاری سەرەکی کوشتنی هەستی تاکەکەسی و بوونی هەموو بوویەکی تایبەتییە، بوونی دەفتەرێکی یاداشت چەند سادە و ساکار بێت لە هەمان کاتدا یەکێکە لە قەدەغەترین شتەکان و پێشێلکردنی سنووری یاساکانی ڕێبەری گەورەیە.

کاتێک وینستۆن زیندانی دەکرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت لە ئۆبراین دەپرسێ (ڕێبەری گەورەبوونی هەیە) ئۆبراین دەڵێت: دیارە حزب هەیە و ڕێبەری گەورە سمبولیەتی. پاشان وینستۆن دەڵێت: وەک من هەم ئەویش وا هەیە. ئۆبراین دەڵێت: تۆنیت؟! گوتنی ئەم قسەیە هەروا سادە نییە، بەڵکو پڕ لە ئاڵۆزییە و واتە هەر کەسێک هاوشێوەی دیکتاتۆرەکان بیرنەکاتەوە بوونی نییە و تەنیا هاوبۆچوونەکانی حزب بوونیان هەیە. وینستۆن پاش ڕامانێک دەڵێت: لەو باوەڕەدام من بوونم هەبێت. ئاگاداری پێناسەی خۆمم. هاتوومەتە دنیاوە و لە دنیاش دەڕۆم. دەست و پێم هەن. بۆشاییەک پڕ دەکەمەوە. دەبینین وینستۆن گومان لە بوونی خۆی هەست پێدەکرێت، بەڵام دڵنیاشە کە هەیە. بێگومان ئەم خاڵە کرۆکی فیکری تۆتالیتاریزم دەخاتە ڕوو و ئۆبراین ئەوەش بەوینستۆن دەڵێت: دەسەڵاتی حزب هەمیشەییە، ئەمە لەسەر تەختەی خەیاڵی خۆت تۆمار بکە. هەروەها ئۆبراین دەڵێ: حزب تەنیا لە پێناوی خۆیدا دەسەڵاتی دەوێ، حەقتان بەسەر خێر و بێری خەڵکەوە نییە. تێدەگەین کە حزبەکەی ڕێبەری گەورە تەنیا خەمی پاراستنی کورسی دەسەڵاتە و گرنگ نییە چی لە وڵاتدا دەگوزەرێ. دوژمنی حزبیش تەنیا بوونی ئەوانەیە کە جودا لە حزب بیردەکەنەوەو دەیانەوێت بەشوێن حەقیقەتی تردا بگەڕێن، چونکە حەقیقەت تەنیا ئەو حەقیقەتەیە کە حزب باوەڕی پێیەتی . بۆ نموونە نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە (٢ + ٢ = ٥) ئەمە پەسەندکراوی حزبە هەر کەس بڵێت: (٢ + ٢ = ٤) ئەوە لە پرنسیپەکانی حزب لایداوەو حەقیقەتی (٢+٢) تەنیا پێنجە. لەسەر ئەمە دەیان کەس لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە دەدرێن وینستۆنیش کەسێکە لەوانە و ئەو سەرەتا هەر دەڵێت: (٢ + ٢ = ٤)، بەڵام ئۆبراین دەڵێت: (٢ + ٢ = ٥) دواجار لەژێر ئەشکەنجەدا حەقیقەتی حزبی پێدەسەلمێنێ کە (٢ + ٢ = ٥) وینسۆن دەڵێت: دەکاتە هەزار. ڕێبەری گەورە دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو کە یەک سەردەم نەبێ کە

حزب لەسەر حەقە سەردەمی تر بوونی نییە. نموونەی حزبی دیکتاتۆری لە هەر جێیەکی دنیابێت وەکو یەکە. سەدام حسێنی دیکتاتۆریش هاوشێوەی ڕێبەری گەورە مامەڵەی دەکرد و تەنیا هاوبۆچوونانی ئەو دەیانتوانی بن و ئەوەی جودا بوایە لە بیری ئەو بوونی دەسڕایەوە، واتە سڕینەوەی بوونە جیاوازەکان یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی سیستمی تۆتالیتاری .

## ترس لە زەمەن

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە دیارەکانی دەسەڵات و سیستمی دیکتاتۆری ترسە لە ئاینده، چونکە گومانی لە بەردەوامبوونی ئەو ستەمانە هەیە کە دەیکات و ترس لە لەدەستدانی کورسی دەسەڵاتی هەیە. ناپلیۆن بۆناپارت دەڵێت: بێ مێشکەکان هەرباسی ڕابردوو دەکەن، ئاقڵەکان لە بیری ئێستادان و شێتەکانیش باس لە داهاتوو دەکەن. یان لە شوێنێکی تردا دەڵێت: پیاو ئەگەر دڵی بەهێز بێت ئاینده بەلایەوە بچووکە، بەڵام ئێمە دەزانین ناپلیۆن یەکێک بووە لە دیکتاتۆرەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و ویستوویەتی هەمیشە لەبیری ئەو پلانانەدا بێت کە لە ئێستادا لێی دەکرێت، بۆیە: زۆر گرنگی بە ئاینده نەداوە. بەڵام ئۆروێل بە پێچەوانەی ناپلیۆنەوە لەم ڕۆمانەیدا (١٩٨٤) پێشبینی ئایندەی ئەورووپای کردووە، ئەگەرچی پێشبینیەکەی ئۆرویل کە لە ساڵی (١٩٤٩)دا کردبووی وەکو ئەوە دەرنەچوو، بەڵام نزیکییەکی زۆری لەگەڵ ئەو جیهانەدا هەبوو کە نووسەر پێشبینی کردبوو.

یەکێک لە دروشمەکانی حزب ئەوەیە، ئەوەی ڕابردوو دەستەمۆ بکات جڵەوی ئایندەی لەدەستدایەو ئەوەی بەسەر ئێستادا زاڵ بێ جڵەوی ڕابردووی بەدەستەوەیە. ئەم دروشمە کتومت لە حزبدا پەیڕەو دەکرێت و ئیشی وەزارەتێکیش تەرخانە بۆ جوانکردنی ڕابردوو لە پێناو ئایندەدا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دیکتاتۆرەکان ئەوەیە ترسیان لە مێژوو و زەمەن هەیە و لە مێژوو دەترسن، چونکە ڕابردوویانە، یان دەبێتە ڕابردوو. هاوکات لەخەمی ئێستای دەسەڵاتیاندان، چونکە بناغەدانەری ئاینده لە ئێستادایە، هەروەها لە ئایندەش دەترسن، لەبەر ئەوەی دڵنیانین لەوەی کە ئاینده لەبەرژەوەندی ئەواندایە، ڕەنگە بگۆڕدرێ، یان ئەگەری گۆڕانی هەیە. من کۆی ئەم ترسانە ناودەنێم (ترس لە زەمەن). ترس لە زەمەنیش هەناوی هەموو دیکتاتۆرێکی گرتووە، تێپەڕبوونی هەر چرکەیەک تێپەڕبوونی ژیانێکە کە دەبێتە مێژوو. شێواندن، یان دەستکاریکردنی مێژوو لەلایەن حزبی ڕێبەری گەورەوە بەشێکە لەزامنکردنی ئێستا و ئاینده. نووسینەوەو دارشتنەوەی سەرجەم وتارو شیعرەکانی ڕابردوو کە دەبێتە ئەرکی وەزارەتی (ڕاستی) و تەرخانکردنی ئەو وەزارەتە تایبەتمەندە بۆ ئەو بوارە سەلمێنەری کۆی قسەکانی پێشوومانە. هەروەها ڕێبەری گەورە دەیەوێ ئەو ڕابردووە لە زەمەنێکی زۆرکەمدا بگۆڕدرێ بەشێوەیەک کە هیچ هاووڵاتییەک هەستی پێنەکات.

ئۆروێل لە زمانی وینستۆنەوە ئەم حاڵەتە دەخاتە ڕوو و دەنووسێت: ڕابردوو نەک هەر گۆڕاوە و بەس، بەڵکو ڕووداوەکان خۆبە خۆی خۆیان سڕاونەتەوە، چونکە دەسەپێنرێت. سەپاندنی بیروبۆچوون یەکێکی ترە لە سیما هەرە دیارەکانی دیکتاتۆرەکان ئەو دەیەوێت لەڕێی ئەوەوە هەموو کەسێک بکاتە کۆیلەی خۆی تا کڕنووشی بۆ بەرن. لێرەشدا تاک دەسڕێتەوە و کۆمەڵگە دەبێتە مێگەلێک. ئۆروێل خەمی سەرەکی ونبوونی تاک بووە لەنێو گەمەکانی حزب و ڕێبەری گەورەدا. ئەم نووسەرە لە وتارێکدا نووسیویەتی: کێشەی سەرەکی سەردەمی ئێمە کەمبوونەوەی باوەڕە بە مانەوەی هەمیشەیی تاک.

تاک لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە و پەیدابوونی تاک، یان ڕاستتر بڵێم تاکگەری یەکێکە لە سیما دیارەکانی گەشەسەندنی شارستانی و داهێنان و ئەو کۆمەڵگایانەی تاک تێیدا ئازادە و کۆمەڵگەی کراوەن بەڕووی چالاکییەکانی تاکدا. بەشێوەی خێراو سەر سوڕهێنەر ژیان تێیاندا گەشەسەندن بەخۆوە دەبینێت، بەڵام ئەو کۆمەڵگایانەی کۆمەڵگەی داخراو و خێڵەکی و دیکتاتۆرین، تاک تێیاندا ئامادەیی نییە و کۆمەڵگەی (کۆ)ن و هەموو بڕیارەکان دەستە جەمعین، ئەمەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر دەرنەکەوتنی توانای تاکدا هەیە. دیکتاتۆرەکان هەمیشە لە ڕای جیاواز و بیرکردنەوەی جیاوازی تاک دەترسن، بۆیە ئۆروێلیش لە خەمی

ئەم حاڵەتەدایە ئەو لە (مەزرای ئاژەڵان) و (١٩٨٤)دا دوو ئاگادار کردنەوەی کوشندە و ترسناکی نووسیوە سەبارەت بەوەی ئەگەر کۆمەڵگا بە گوێرەی یاسای مارکسیست - لینینەکان بەڕێوە بچێت مەترسی زۆر دەبێت، وێڕای ئەوەی کە ژیانی بۆرژوازی ڕەد دەکاتەوە و خۆشی لە ڕۆمانی (١٩٨٤)دا چەند جارێک دەنووسێت: تەنیا هیوایەک هەبێت تەنیا پرۆلیتارە. ئۆروێلیش وەکو کارل پۆپەر نایەوێت هیچ سیستمێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی تەوق بکاتە ملی تاک و تاکبوون لە تاک بسەنێتەوە، یان زەوتی بکات. کارل پۆپەر لە کتێبی "کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی"دا بەوردی باس لەم حاڵەتە دەکات و پێیوایە نەکۆمارەکەی ئەفلاتوون و نەمارکسیزم و هێگڵییەت ناتوانن ژیانێکی ئازادانە بۆ تاک دەستەبەر بکەن، بۆیە دواجار کارل پۆپەر بە دوژمنی کۆمەڵگەی کراوەیان دادەنێت.

### سەدەی دیکتاتۆرەکان

سەدەی بیستەم سەدەی دەرکەوتنی دیکتاتۆرە گەورەو بچووکەکان بوو، سەدەی جەنگ و مرۆڤ کوژی بوو، سەدەیەک بوو زۆرترین خوێنی مرۆڤی بەناحەق تێدا ڕژا. دەکرێت ئەم سەدەیە دەیان لێکدانەوە و خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت. ئۆروێلیش وەکو نەوەی ئەو سەدە جەنجاڵە و کاریگەری ئەو جەنجاڵیانە لەسەر بیرکردنەوەو نووسینی ئەم پیاوە بە ئاشکرا هەست پێدەکرێت. ئۆرویل لە (مەزرای ئاژەڵان)دا باس لەیەکێک لە دیکتاتۆرترین مرۆڤەکانی سەدەی نۆزدە دەکات کە ناپلیۆنە و لە (١٩٨٤)یشدا باس لەسەرجەم دیکتاتۆرەکان دەکات و پێموایە لەسەرووی هەمووشیانەوە (ستالین) هەوێنی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و ئەو بە (ڕێبەری گەورە) هێمای بۆ کراوە.

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بە چەند تایبەتمەندییەکی دیاری سیستمی دیکتاتۆری کرد، بەڵام ئۆروێل لەمەش قووڵتر ڕۆیشتووە و ئەو هێما بەوەش دەکات کە دیکتاتۆرە نوێیەکان بن، بەواتایەکی تر خۆیان بزواندنی هەموو هەستە مرۆییەکانی ئینسان قۆرغ بکەن. لەنێو ئەمانەشدا هەستی ئەوین و خۆشەویستی . وینستۆنی پاڵەوانی ڕۆمانی (١٩٨٤) لەگەڵ کچێکی قەشەنگ بەناوی (جولیا) پێوەندی دەگرێ. سەرەتای دروستبوونی پێوەندییەکە لەژێر گوشارێکی دەروونی توندو ترسێکی لەڕادەبەدەر کاریگەر لەژیانی وینستۆن دەستی پێکرد و پاشانیش بوونی پێوەندی خۆشەویستی و پاشان سێکس لەنێوان جولیاو وینستۆندا ئەوەندەی تر پێوەندی نێوان ئەم دوو تاکە مەترسیدارتر دەکات، بەڵام هەردووکیان حەز بەو گەمە ترسناکە دەکەن و ئاگاداری هەموو مەترسییەکانیش. هەروەها ژیان بەگشتی بەهۆی بیرکردنەوەی جیاوازەوە لە مەترسیدا بوو و هەرکەسێ بیرکردنەوەی جیاوازی هەبوایە، یان پێوەندییەکی هەبوایەو حزب ئاگاداری نەبوایە ژیانی دەکەوتە مەترسییەوە. حزب دەیویست ئاگاداری پێوەندییە سێکسییەکانی خێزان و هەتا منداڵ دروستکردنیش بێت، بۆ ئەوەی کۆی سیستمێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، چونکە دەیویست بەپێی بەرنامەی دیاریکراو منداڵ پەروەردە بکرێ بۆ جاسووسیتی بەسەر دایک و باوکەوەو هانیان دەدات لەڕێی لادانیان بۆ حزب ئاشکرا بکەن، وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا خێزان ببووە بەشێک لە پۆلیسی خەیاڵ. ئەم پەروەردەیە دەبێتە هۆی تێکدانی یەکجارەکی شیرازەی کۆمەڵگە هەروەک چۆن ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا توانی پەیڕەو بکات و تا ئێستاش ئاسەواری ئەو یاسا شۆڤێنیانەی بەعس بوونیان هەیە.

چۆنێتی بەکارهێنان و بەگەڕخستنی دەسەڵات یەکێکە لە ئەرکە لە پێشینەکانی دیکتاتۆرەکان. ئۆبراین لە کاتی ئەشکەنجەدانی وینستۆندا لە پێناسەی دەسەڵاتدا دەڵێت: دەسەڵات ئەوەیە ئازار و سەرپێشۆڕکردن بخولقێنیێ. دەسەڵات ئەوەیە مۆخی مرۆڤ لەتوپەت بکەیت و سەرلەنوێ بەشێوەیەکی دی، وەک خۆت گەرەکتە دایبڕێژیتەوە. بێگومان ئەمە پەیام و مەرامی سەرەکی هەموو دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرییە و دەنا پێناسەی دەسەڵاتی دیموکراسی کتومت پێچەوانەی ئەمەیە. هەروەها لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا وەکو ئۆروێل ئاماژەی پێدەدات، حزب هەرچەندە دەسەڵاتی زیاد بکات، ئەوەندەش لێبوردنی کەم دەکات. دواتر ئۆبراین بە وینستۆن دەڵێت: گرنگترین شت ئەوەیە هەمیشە بەبادەی دەسەڵات

مەست بین. دواتر دەڵێت: دەسەڵات کاتێک دەسەڵاتە کەبەسەر خەڵکدا بێ، بەسەر جەستەیاندا، بەڵام زیاتر بەسەر هۆشیاندابێ. واتە لەهەر سیستمێکی دیکتاتۆریدا گرنگ کپکردنی جەستەیی تاکەکانی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو لە هەمووی گرنگتر کپکردنی عەقڵ و بێهۆشکردنیانە تا زیان بە بەرژەوەندی حزب و دەسەڵاتی ڕێبەری گەورە نەگەیەنن. ئۆروێل لەم ڕۆمانەیدا زۆر ورد حزب بە ئەمیر و دەسەڵات بەهەمیشەیی دادەنێت و دەنووسێت: دەسەڵاتی حزب هەمیشەییە. لێرەدا هەمیشەیی بوونی دەسەڵات ڕێگە بە یەک ڕەنگ کردنی ژیان و بیری مرۆڤەکان دەدات و توانای داهێنەران خەفە دەکرێت و مرۆڤ تووشی گومان دەکات لە بوون و مانای ژیانی خۆی.

**بەر لە کۆتایی**

سیحری نووسین لای ئۆرویل تەنیا لەوەدا نییە کە سیاسەت هەوێنی بەرهەمەکانییەتی، بەڵکو عەشقی ئافرەتیش یەکێکی ترە لە لایەنەکانی ڕۆمانی (١٩٨٤). وینستۆن تاڕادەی ئەوینێکی باڵا جولیای دەپەرست و ئەویندارى بوو. دەتوانین بڵێین ئەم نووسەرە لەڕێی ئەم ڕۆمانەوە گرنگی بە دوو خاڵی جەوهەری داوە، خاڵێک عەشق بۆ ئەوینێکی هەمیشەیی کە ئۆرویل لە ژیانی شەخسی خۆشیدا تا دواساتەکانی ژیان بەدوایدا وێڵ بووە. هەروەها عەشقێکی تر بۆ ئازادی و نووسین لەپاڵ ئازادیدا ئۆروێل دەیەوێت بنووسێ و هەمموو ژیانی بۆ نووسین تەرخان بکات.

نووسین لای ئۆرویل تەنیا لایەنێکی ژیان نییە، بەڵکو کۆی ژیان لەڕێی نووسینەوە دەکرێت جوانتر بکرێت. لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا ئەم نووسەرە بەهۆی نەخۆشییەوە تووشی گرفتارییەکی زۆر بووە و هەتا گەیشتە ئەوەی پزیشکەکانی ڕێنمایی ئەوەیان کرد کە دەبێت ئیدی پشوو بدات و نووسین وەلاوە بنێت.

هەندێک لە ژیاننامەنووسانی ئەم نووسەرە پێیانوایە پشتگوێ خستنی ئەم ڕێنماییانە و حەزی توندی بۆ نووسین مەرگی ئۆرویلی لێکەوتەوە، چونکە ئۆروێل ڕۆمانی (١٩٨٤)ی لە سەرەتای تەمەنی (٤٦) ساڵیدا نووسی کە پاش ساڵێک ئۆروێل مرد ئەو لە دواساتەکانی تەمەنیدا بەشێوەیەکی بێ بەزەییانە خەریکی نووسین بوو و لە هەفتەیەکدا سێ ڕەخنە، یان خوێندنەوەی کتێبی دەرکرد و وتاریشی بۆ ڕۆژنامەکانی ئینگلتەرە و ئەمریکا دەنووسی و سەرەڕای ئەوەش کاری لە هەر دوو ڕۆمانی (مەزرای ئاژەڵان) و (١٩٨٤)دا دەکرد.

سۆمەرست مۆم دەڵێت: لەو بڕوایەدام بەلزاک گەورەترین ڕۆماننووسە کە تا ئێستا جیهان لە ئامێزی گرتووە، بەڵام پێموایە ڕۆمانی (جەنگ و ئاشتی) تۆلستۆی گەورەترین ڕۆمانی دنیایە. ڕاستە ڕۆمانی جوان هەن و هەر ڕۆمانێک هەڵگری بەشێک لە داهێنان و جوانییە، بەڵام ڕۆمانی (١٩٨٤) لەو ڕۆمانانەیە مرۆڤ پاش خوێندنەوەی ناتوانێ بێدەنگ بێت و بیرنەکاتەوە. ئەم دەقە هێندە زیندووە کە جوانی خۆی لە هەموو سەردەمێکدا لە دەست نادات، چونکە ئەوەی ئەم ڕۆمانە پێمان دەڵێت هیچ ڕۆمانێکی تر، یان ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت بڵێم هیچ کتێبێکی تر ناتوانێ ئەوەمان پێبڵێت، بۆیە چەندە خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکان بۆ مرۆڤە ئایینییەکان گرنگە، خوێندنەوەی ئەم کتێبەش بۆ ژیانی هەموو مرۆڤێک گرنگە و بەتایبەتیش ئێمەی کورد کە بەدرێژایی مێژوو لە ژێر ستەمی دیکتاتۆرەکاندا ژیانمان گوزەراندووە.

**سەرچاوە:**

**١-جۆرج ئۆروێل، ١٩٨٤ - ڕۆمان، وەرگێڕانی: حەکیم کاکەوەیس، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بلاوکراوەی ئاراس، ساڵی٢٠٠٥.**

**٢- جۆرج ئۆروێل، مەزرای ئاژەڵان (ڕۆمان)، وەرگێڕانی : ئازاد مستەفا و محەمەد شاکەلی، چاپی دووەم - سلێمانی، ٢٠٠٠.**

**٣- میلان کۆندێرا، پێکەنین و بیرچوونەوە، ئاوات ئەحمەد، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢.**

**٤-عەبدولرەحمان مونیف، تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان، شیرین. ک، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦.**

**٥- مەریوان وریا قانیع، دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریزم، سەردەمی ڕەخنە، ژمارە(٢) زستانی (٢٠٠٥)، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.**

**٦- ڕەزا مەنوچێهری خوێندنەوەیەکی نوێی ژیانی جۆرج ئۆروێل، گۆڤاری هەنار ژمارە (١٠) لە بلاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی .**